www.kurdistannet.org 21-2-2003

# هه له بجه ی شه هيد

ئه حمه د ده شتی



دایه ڕۆژباش
دایه ڕۆژباش
نامەت گەیشت
من خوێندمەوە
بۆت نوسی بووم
وا شارەکەم
شاری کوردە
زامدارەکەم
جێی موختار و
گورانەکەم
بە زۆرداری و
دەستی ستەم
بە موشەك و
بۆمبای شیمیا
بە گازی
ژەهری نازیا

چی ژیانە
لە ناو برا
شارەکەمان
شەهید کرا
دایەگوتت
لە نامەکە ت
لە گۆتنی
پڕ ڕازەکەت
کە ژن و منال و
پیرەکانیش
گیان لە بەر و
خانوەکانیش
بوونە قوربانی
کوردستان
بوونە پێشرە و
بۆ کاروانی

سەربەرزی ژیان
بوونە وانەی
سەرکەوتنی
خەباتمان
بوونە مایەی
سەربەخۆبی و
ڕزگاریمان
بوونە هەستی
لە یاد نەچووی
تۆی ئازیزمان
ئەی دایەگیان
تۆ نوسی بووت
لە نامەکە ت
لە نامەی
پڕ لەڕازەکەت
لە شاری من

لەو هەلەبجەی
شەهیدی من
هێرۆشیما
وەدێ دەکرا
بەلام ئێمە
کەسمان نیە

وورە بەرزین
کوردین مەردین
گیان قوربانین
زۆر بێ گەردین
رۆژێ هەردێ
تۆی ئازیزمان

دایە گەورەش
لە خەو دا بوو
بابەگەورەش
لە نوێژ دا بوو
کە بۆمبای ژەهری
دا باری



شار و گوندمان
وێران دەکرێ
باسمان نیە
نا دایەگان
تۆ وامەلێ
ئێمە کەسمان
گەلێ زۆرە
ئێمە خاوەن
رۆلەی کوردین
خاوەن پێشمەرگەی
وەك گوردین

رزگار بکەین
لە ژێر دەستان
دایە گیانە
تۆ نوسی بووت
لە نامەکەت
لە نامەی
پڕ هەستەکەت
هێرۆی کچم
لە بێشکە بوو
دایکی هیواش
لە تەکیا بوو

بۆ هەلە بجەی
کوردەواری
شارەکەمان
خامۆش کرا
هەرچی ژیانە
لە ناو برا
ئاسمانی شار
رەش هە لگە را
هەلەبجەمان
شەهید کرا
بۆت نووسی بووم

زۆر گرانە
زامی وەڵات
خەمی ڕۆڵەی
شەهیدانی
ڕێگەی خەبات
بەڵام دایە
دڵ گەورە بە

بازووی پێشمەرگەی
پڕ لە هەست
شۆڕشگێڕی
خاوەن مەبەست
جارێکی تر
سەرلە نوێ
هەڵەبجەمان

پەیکەری زێڕ
دادەڕێژین
بۆ شەهیدی
ڕێی سەروەری
هەر چەند نازی و
مرۆکوژ بن
بەرە فتاری فاشیانە



کورد زیندوە
لە ناو ناچێ
قەت نامرێ
هەر دەمینێ
بۆرزگاری
خاکی وەڵات
هاکا دیتت
هەزاران دەست
دەستی سەدان
کوردی سەربەست

دەسازنەوە
شوێنەواری
سیانید و
گازی خەردەل
دەبتە مۆزەی
بیرەوەری
بۆ جیهان و
گشت کوردستان
بۆ شانازی و
بەختەوەری

خاپوور بکەن
بۆمباکانیان
بباریێن
کورد نامرێ
قەت نابەزی
لەڕێی خەبات
بۆ ڕزگاری و
سەربە خۆیی
خاکی وەڵات
دایە گیانە

بۆت نوسی بووم
لە و سەردەمەی
هێرشیان کرد

لە ناو کۆشا
خوشك و برا
هەرچاو گەش بوون

لە هەستی
پاك و جوانەکەت
تەنیا تاوان



شارەکە مان
ڕەش دا گەرا
ئاسۆی ڕوونی
تاریك داهات
لە دوای چەندسات
تەنیائەوەی
وەدی دەکرا
تەرمی پاکی
شەهیدان بوو
باو ك مردوو
ڕۆلەی بێ گیان
لەباوە شا
دایك سوتا و
کورپەی بێ هەست

کەوتبوون
بەسەر خولە میشا
چی درەخت و
لێرەوارە
چی شینایی و باغی
شارە
هەلوەران و
ڕوتانەوە
کەوتن بەسەر
زامی ژەهری و
بڕانەوە
گیانە دایە
بۆت نوسی بووم
لە نامەکەت

بۆ شارەکەم
شاری خوش و
دلدارەکەم
شاری کورد بوو
شاری کورد بوو
لە دوای چە ند ڕۆژ
کە چوونە شار
شار شەهیدە و
ماتەمینە
هیچ دەنگ نابێ
تەنیادەنگی
ڕیش سپیەکی
بەسالا چوو
لە ناو گولی

زەرد و سووری
هەلوەراو دا
لەناو تەرمی
هەزارە ها
شەهیدانی
ئازادی دا
دەیگوت کوردە

بۆ ڕزگاری
خاکی وەڵات
دەبێ سوور بێ
بە خوێنی گەش
بە قوربانی
گە لی ڕۆڵەی
پاك و بێ غەش

زۆر وێرانی
شار و گوندی
خاکمان بدەین
ئەی دایەگیان
لە یاد ناکەم
نامەکەی تۆ
هەستی پاکی



ئیتر هەموو
باوەڕ و بێ
کوردستانمان
ڕزگار دەبێ
کوردخاوەنی
خاکی خۆی و
وەلات دەبێ
دایەڕاستە
ئەمە وایە
مێژووی خەبات

ئێمە گەلێکین
نامرین
بە خوێنی خۆ
ژیان دەکڕین
ئێمە دەڕۆین
بەرەو هەوار
بۆسەر لوتکەی
بەرزی بەهار
دەبێ قوربانی ڕێ
بدەین

دەروونی تۆ
واوەرامیش
دەنوسمەوە
بۆ تۆی شیرین
بەم وە رامەش
برینانم
دەکولێنمەوە
بۆ ڕازی تۆ
ژانی کوانان
دەژێنمەوە

ئەوا لێرە
لەم وڵاتە
نامۆیە دا
زۆر بێزارم
لە دووری تۆ

کوردەواری و
قەلادزەم دیت
شەو هێرشی
نامەردانە و
وێرانەم دیت

نەفقاسەمان
شێخ مە حمود و
پێشە واکەی
مەهابادمان
شێخی نەهری و



لەتاو ژیانی
پڕ ڕەنجی تۆ
لە یادمایە
سالانی زوو
پێشمەرگە بووم
لە ناو شاخ و
لێڕەوار و
کە ڤر و
دەشت بووم
سۆریاو دەکای
خوێناویم دیت
بۆمبارانی
شارو گوندی

زۆر هەڤال و
قارەمانان
شەهید کران
زۆر پێشمەرگەی
تازە لاو و
ژیان نە دیومان
زۆر خالیق و
زاناکانمان
قارەمانی وەك بارزانی
پالەوانمان
زۆر یوسفی و
دلسۆزانمان
هەزارانی وەك کاوانی و

سەیید رەزا و
شێخ سەلام و
شێخ سەعیدمان
لە ڕێبازی
تێکوشا ن و خەباتمان
پەروازیان کرد
بۆ ئاسمان
ئاسۆی لێلیان
ڕوون کردەوە
بوونە چرای
پرشنگداری
ڕێی خەبات و
سەربەرزی ژیان

تۆ خوا دایە
خەم هەڵەگرە
دڵ گەورەبە
ئەم وەرامەم
هێمایەکی
دێرینەمان
بۆ ئاواتی
سەربە خۆیی
کوردستانی
خۆشەویستمان
کە نووسی بووت
لە و نامەدا
ئەم چەند دێرە
بۆ هەمیشە
دەنوسمەوە



گەلێ کورتە
بۆ تۆی ئازیز
بۆسەرزەوی
خاپوور کراومان
بۆ ناو واری
قارەمانان
بۆ کاروانی
نەپچڕاوی
شە هیدانمان
بۆ هەتوانی زامی دڵی
ڕۆڵە وون و
کورد پەروەران
بۆ هەڤاڵ و یارەکانی
بۆ سەروەری
شەهیدانی
شۆرشی مەزنی
ئەیلولی ژیان
بۆ ئارەزووی
ڕزگار بوونی
یەکجاریمان
لە ژێر چنگی
داگیرکەرە دڕندەکان
دایە هەرگیز
لە یاد ناکەم
هەستی بەرزی
دەروونی تۆ
لە ناو هەست و
خوێن ودڵم
دەیهێڵمەوە
کە فەرموو بووت
تەنیا تاوان
بۆ شارەکەم
شارە
شەهید کراوەکەم
شاری کورد بوو
شاری کورد بوو
*

بە یادی شە هیدانی هەڵەبجە و هەموو ئە و سەروە رانە ی کەقەت لە یاد ناچنەوە و نامرن. 25.3.1988 بەرلین